السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بەکارهێنا لە هۆزی ئەزدەوە؛ پێی دەووترێت: ئیبن لوتبیە لەسەر خێر وبەخشینەکان، کاتێک گەڕایەوە، ووتی: ئەمە بۆ ئێوە، وئەمەیش بە دیاری بە من بەخشراوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەستا لەسەر مینبەرەکە وحەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد

لە ئەبی حومەیدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بەکارهێنا لە هۆزی ئەزدەوە؛ پێی دەووترێت: ئیبن لوتبیە لەسەر خێر وبەخشینەکان، کاتێک گەڕایەوە، ووتی: ئەمە بۆ ئێوە، وئەمەیش بە دیاری بە من بەخشراوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەستا لەسەر مینبەرەکە وحەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد، وپاشان فەرمووی: «لە پاشاندا، من پیاوێک لە ئێوە بەکاردەهێنم لەسەر کارێک لەوەی خودا منی کردووە بە بەرپرسیار لەسەری، دێت وەدەڵێت: ئەمە بۆ ئێوە وئەمە دیارییە بۆ من، بۆچی لە ماڵی باوکی ودایکی دانانیشێت بۆئەوەی ببینێت ئایا دیاریەکەی بۆ دێت ئەگەر ڕاستگۆیە؟، واللە، هەر یەکێک لە ئێوە شتێک ببات بە بێ مافی خۆی ئەوا دەگاتە لای خوای گەورە وئەو شتەی لە ئەستۆ دەگرێت، هیچ یەکێک لە ئێوە ناناسمەوە* کە بگاتە لای خوای گەورە و وشترێکی هەڵگرتبێت کە (دەنگی) خیزەی لێوە دەربچێت، یان مانگایەک بۆڕەی لێوە دەبچێت، یان پەزێک ماعەی لێوە دەربچێت» پاشان دەستی بەرز کردەوە هەتاوەکو سپێتی بن باڵەکانی دەرکەوت، وفەرمووی: «ئەی خودایە، ئایا من پەیامەکەم گەیاند؟». *(لە فەرموودەکەدا -فلا أعرفن- هاتووە: واتا هیچ یەکێک لە ئێوە ناناسمەوە لەوانەی کە ئامادە ئەم سیفاتەیان تێدا بێت کە باسکراوە، ولە هەندێک گێڕانەوەدا دەستەواژەی -فلأعرفن- هاتووە: واتا هەندێک لە ئێوە دەناسمەوە کە ئەو سیفەتانەیان تێدایە، ئەم دوو گێڕانەوەیە لەوەیە لە دوو شوێنی جیاواز فەرموویەتی، یان گومانێک بێت لە لایەن گێڕەرەوەکانەوە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بەکارهێنا لە هۆزی ئەزدەوە؛ پێی دەووترێت: ئیبن لوتبیە بۆئەوەی خێر وبەخشینەکان کۆ بکاتەوە، کاتێک گەڕایەوە بەرەو مەدینە لە پاش جێبەجێکردنی کارەکانی، ئاماژەی بۆ هەندێک لەو شتانە کرد کە پێی بوو لە پارە وسامان، ووتی: ئەمە بۆ ئێوەیە ئەی کۆمەڵی مسوڵمانان، وئەمەیش بە دیاری بە من بەخشراوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەستا لەسەر مینبەر بۆئەوەی خەڵکی فێر بکات وئاگاداریان بکاتەوە لەم کردەوەیە، حەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد، وپاشان فەرمووی: (لە پاشاندا، من پیاوێک لە ئێوە بەکاردەهێنم لەسەر کارێک لەوەی خودا منی کردووە بە بەرپرسیار لەسەری لە کۆکردنەوەی زەکات ومەڕوماڵاتەکان، لە پاش تەواوبوونی لە کارەکەی دێت وەدەڵێت: ئەمە بۆ ئێوە وئەمەیش دیارییە بە من بەخشراوە ! بۆچی لە ماڵی باوکی ودایکی دانانیشێت بۆئەوەی ببینێت ئایا دیاریەکەی بۆ دێت ئەگەر ڕاستگۆیە لە قسەکەیدا؟، واللە، هەر یەکێک لە ئێوە شتێک ببات لەوانەی کە پێی دەبەخشرێت لە سامانی زەکات ودەستکەوتەکان بە بێ مافی خۆی ئەوا دەگاتە لای خوای گەورە وئەو شتە (مافە ناڕەوایە) لە ئەستۆ دەگرێت (لەسەر پشتی هەڵدەگیرێت)، ئەگەر وشتر یان مانگا یان پەز یان هەرشتێکی تر بێت پاشان دەستی زۆر بەرز کردەوە هەتاوەکو سپێتی بن باڵەکانی بینرا لە لایەن هاوەڵانەوە -ڕەزای خوایان لێبێت-، وپاشان فەرمووی: (ئەی خودایە، ئایا من پەیامەکەم گەیاند؟) سێ جار ئەمە فەرموو.